# فەخرو شانازی کردن بە سەر خەڵکیدا

﴿ التكبر والتعالي على الناس ﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی:ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ التكبر والتعالي على الناس ﴾

« باللغة الكردية »

إعداد: موقع الجنّة ( بهشت )

www.ba8.org

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# فەخرو شانازی کردن بە سەر خەڵکیدا

هاوەڵی خۆشەویست أُبَىِّ بْنِ كَعْب(رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: دوو پیاو نەژادو ڕەچەڵکی خۆیان باسکرد لەسەردەمی پێغەمبەر موسادا(عليه السلام)، یەکێکیان ووتی: من فڵانی کوڕی فڵانم تاکو نۆ پشتی خۆی ژمارد (فەخرو شانازی کرد بەسەریدا)، ئینجا بە پیاوەکەی تری ووت: تۆ کێی دایکت نییە (بەچاوێکی سوكو ڕیسوایی سەیری کرد)؟ ئەویش ووتی: من فڵانی کوڕی فڵانمو کوڕی ئیسلامم، خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەر موسا(عليه السلام)، نارد کە بەو دوو پیاوە بڵێت: باسی نەژادو ڕەچەڵەکی خۆیان کرد، ئەویان کە تاکو نۆ پشتی ژمارد هەر نۆیان لە ئاگرداو ئەویش دەیەمیانە، وە ئەوەیان کە دوو پشتی خۆی ژمارد هەر دووکیان لە بەهەشتداو ئەویش سێ یەمیانە لەبەهەشتدا.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا:

(1)خوای گەورە کەسانێکی خۆش ناوێت فەخرو شانازی بکەن بەسەر خەڵکیدا،{إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ} سورة لقمان: 18، واتە: بەڕاستی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە خۆهەڵکێشو فەخرو شانازی دەکەن.

(2)قەدەغەکراوە خۆهەڵکێشو فەخرو شانازی کردن بە باوكو باپیرانەوە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم )فەرموویەتی:(كُلُّكُمْ بَنُو آدَمَ، وَآدَمُ خُلِقَ مِنْ تُرَابٍ، لَيَنْتَهِيَنَّ قَوْمٌ يَفْخَرُونَ بِآبَائِهِمْ أَوْ لَيَكُونَنَّ أَهْوَنَ عَلَى اللهِ مِنَ الْجَعْلانِ)صَحيح: أَخْرَجَه الْبَزار وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الألْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِعِ (4568) . واتە :هەمووتان نەوەی ئادەمن، وە ئادەمیش لە گڵ دروستکراوە، یان دەست هەڵ دەگرنو وازدەهێنن کەسانێك کە فەخرو شانازی دەکەن بە باوكو باپیرانەوە، یان چۆن هەندێك جانەوەر لەلای خەڵك بێ ڕێزە (وەك کرمو قالۆنچە) ئەو کەسانەش وەك ئەو جانەوەرانە بێ ڕێزدەبن لای پەروەردگار.

(3)نەژادو ڕەچەڵەك سوود بەكەس ناگەیەنێت لە دواڕۆژدا، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (...وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ)أَخْرَجَه مُسْلِمٌ (6793) . واتە: هەركەسێك لە ڕۆژی دواییدا كردەوەی خراپی هەبێتو دوای بخات، ئەوا ئەو كەسە نەژادو ڕەچەڵەكی سوودی پێناگەیەنن‌و پێشی ناخات‌و نایكاتە بەهەشتەوە.

(4)بەڕێزترین كەس لەلای خوای گەورە ئەو كەسەیە كە لەخوا ترسە،{إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} سورة الحجرات: 13،واتە: بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوای گەورە ئەو كەسانەتانە كە لە خواترسەو فەرمانەكانی جێبەجێ دەكات.

لە كۆتاییدا داواكارین لە خوای گەورە بمانپارێزێت لە نە خۆشی فەخرو شانازی كردن بەسەر خەڵكیدا، وە ڕێگەی ڕاستیمان پێ پیشان بدات.

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .